# هاتنی تورکیا و ڕوانگە جیاوازەکان.

ڕێزان مەحمود

من نوسەر نیم و کە نوسینی کەسانێك دەبینم دەترسم لەوەی ڕۆژێکیش بێت ئەوەندە نالۆژیکی و خاو بیر بکەمەوە و بنوسم، من لەم نوسینەدا ناکەومە پیاهەڵدانی کادەك و ستراتیژی کۆنیشی لە خودی پارتی کرێکارانی کوردستاندا، چونکە دڵنیام لەوەی پێویستی پێی نیە، ئەوەی ڕۆژانە لە کار و تێکۆشان و کاریگەری ئەو ڕێکخراوە و ئەو بەها نەتەوەیی و لۆژیکە بڕوانێت، کە خولْقاندویەتی بەسە بۆ ئەوەی کە لێکدانەوەی چەوت و هەلپەرستانە دەرفەتی ژیانی نەبێت، بەلاّم چەند ڕاستیەك هەیە کە نەك باسی دەکەم، بەڵکو باس کراوە، بەناچاری لە بەر ئەوەی هەندێ کەس و لایەن پێیان قوت ناچێت دوپاتیان دەکەمەوە.

ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە، لەم کاتەدا کە جیهان ڕووبەڕووی داڕشتنەوەیەکە لە چوارچێوەی سیستەمێکی نوێدا، کورد لەم جیهانەدا و لە هەرێمەکەشدا بە تەنیا ناژی، کار لە دەور و بەری دەکات و کاری تێ دەکرێت، بەلاّم بۆ بیرهێنانەوەیەکی کورت، یەك لە ئاکامەکانی شەڕی جیهانی یەکەمیش دابەش کردنی ئەو جوگرافیایە بوو کە کوردی لەسەر دەژی، یەکەم پریشکەی ئاگری ئەو شەڕ نە لە کوردستان، نە لە ڕۆژهەلاّتی ناوین نەبوو، بەڵکو لە جوگرافیای ولاّتێکی دوور لەم جوگرافیایەی ئێمە بوو، واتە تۆ فاکتەر بیت و نەبیت ناوەند بوونی جوگرافیاکەمان و یەکبوونی کێشەکەمان، ڕاستینەکی مێژووییە و ئەرکی مێژوویش دەخاتە بەردەمان، ئەوەی لێرەدا من دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم کە لەو داڕشتنەوەیەدا کورد وەك چ فاکتەرێك پێ دەنێتە ئەو قۆناغە؟ ئایا یاریزانێکی باشە لەو گەمەی شەترەنجی گۆڕینی هاوسەنگی هێزەدا یان دەبێتە بەردێك و ڕیسواترین هێزیش دەتوانێت گەمەی پێبکات، ئێمە خاکمان بەدەستەوەیە، هێزی مرۆییمان لەدەستدایە، سەرخان و ژێرخانی ئابوریمان لەدەستدایە، بەلاّم لە باشوردا عەقلێکی سیاسی نیە، عەقلیەتێك هەمیشە گەل ڕووبەڕووی چارەنوسی نادیار دەکاتەوە، ئەمە لە ساڵی 1975، 1988 خۆی نیشاندا، ئەڵبەتە ڕوانگەی جیاواز هەیە، چ وەکو پارت، چ وەکو ڕێکخراوە و چ وەکو زۆرێك لە ڕۆشەنبیرە بێ ئاگاکانی کورد، بەلاّم هەریەکە لەمانە چۆن بیر دەکەنەوە، بە چ ئاراستەیەکیش دەیانەوێت پێشهاتەکان ئاراستە بکەن، بەداخەوە دەڵێم کە زۆر لەوانەی ئاماژەم پێکرد، بەدەر لەوەی بەهێزی کورد بێ باوەڕ و بوونی بە فاکتەرێکی لاوەکی و تاکتیکی هیچ باوەڕیان بە ڕۆڵ و هێزی کورد نیە، ئێستا کە باس لە هاتنی تورکیا بۆ باشوری کوردستان دەکرێت، جارێکی تر قەڵەمی کەسانی بێ ئیش و کار، ناکەون لە دووبارە کردنەوەی ئەو خەڕەکەی ( لەبەردەم هێزی ئەمریکا چیمان

پێئەکرێت) کە لە هەمان کاتدا کەس پێی نەوتوون لەبەرامبەر ئەمریکا پێویستە شەڕ بکرێت، یان ( کادەك بیانوی هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیایە) لەهەمان کاتدا بیر کراوە، هێندە ساڵە لەباشوری کوردستاندا، کێیە و بەپارەی کێ شەڕ لەبەرامبەر یەکەکە دەکرێت، بەناوی شەڕ لەبەرامبەر یەکەکە تورکیا بە خۆی زرێپۆش و تانك و تۆپ و هەلیکۆپتەریەوە لە ساڵی 1992 ەوە لە باشوری کوردستانە، یان ئەو ڕادیۆیەی ڕۆژانە لە ڕانیەوە بە زمانی تورکی و کوردی بانگەوازی خۆڕادەست کردن بۆ گەریلاکانی کادەك دەکات کێیە؟ سوپای تورکیا بە کرداری لە ساڵی 1996 ەوە بەناوی پی ئێم ئیف و، لەهەمان کاتدا، بە خێری پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەناوی بەرەی تورکمانی لە باشوری کوردستانە، هەفتەی ڕابردوو هەم لەئەنکەرە و هەم لەسەر سنوری خابور بە ئامادەبونی سەرۆکی بەرەی تورکمانی سەنعان ئاغا بەچەند و چۆن لەسەر هاتنی سوپای تورکیا بۆ باشوری کوردستان کرا، بەلاّم هاتنی ئەم جارەی سوپای تورکیا بۆ باشوری کوردستان پێویستە، هەموو کەسێك لەسەروو هەمویانەوە نوسەری بابەتی ( کادەکیش ڕێگا خۆش دەکات بۆ هاتنی لەشکری تورکیا) با بزانن کە نیازی بەتەنیا کادەك نیە، چونکە کادەك نەیداوەتە ئەو شاخ و کێوە بۆ ئەوەی وەك کەو هەمیشە لەوێوە بخوێنێت، نوسەری ئەو بابەتە بەڕێز کاکە هیشام ئاکرەیی لە یادی کرد کە کادەك لەناو هەناوی دەوڵەتی تورکیا کە دڕندەترین داگیرکاری کوردستانە، کوردی لەسەر لێواری مردن هێناوەتە، لە ساڵی 1983 کە دوو ساڵ بەسەر کودەتای سەربازی تورکیادا تێپەڕی بوو، تاکە کەسێك ئەو بوێریەی نەبوو بڵێ من کوردم، بەلاّم مەلزوم دۆغان بە داگیرساندنی چەند دەنکە شقارتەیەك ئاگری نەورۆزی کردەوە و لە شوێنی رادەست بوون کە لێی دەخوازرا، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، دوای بەدوای ئەوەی بەرخودانی و مانگرتنی ناو زیندانەکان دەستی پێکرد، کە خۆی لەخۆیدا قۆناغی سەمبولیزە کردنی ڕۆحی بەرخودانی و یەکلاکردنەوەی هێڵی شۆڕشگێری بوو، ئەوەش بەتەنیا ئەرکی یەکەکە نەبوو کە ژیان بەبەر میللەتێکی سەر لێوار گۆڕ بکاتەوە، بەلاّم ئەو پارت و ڕێکخراوانەی پێش دامەزراندنی یەکەکە چۆن لەبەرامبەر میلەتەکەی خۆیان هەڵوێستەیان کردووە، بەتایبەتیش بەرامبەر کوردی باکوری کوردستان زۆر ئاشکرایە، کاتێ لەو مێژووە دەڕوانم لەسەری دەخوێنمەوە کە کورد بۆ هەمیشە لەحاڵەتی خۆدووبارە کردنەوەدا بووە تووشی سەر ئێشە دەبم، لەساڵی 1991 دا کاتێ ڕاپەڕینی جەماوەری لە باکور وباشوری کوردستان دەستی پێکرد و زەکیە ئەلکان خۆی سوتاند، بە دەیان هەزار کەس لەسەر پێ بوون هەر ئەو کاتەش چەند کەسێکی ناو دەوڵەتی تورکیا لەناو بەخۆدا چوونەوەیەکدا بوو، هەر بۆ ئەوەش سەرۆکی ئەو کاتەی یەکەکە بەڕێز ئۆجالان پەرتوکی ( بۆ خاوەن گوتارێك دەگەڕێم) ی نوسی، چونکە لەدەوڵەتێکدا لە تا بینەقاقای لە چەتە، مافیا، پێکهاتەی کۆمەڵگایی شۆڤێنیستی هەبوو، هیچ

سەرۆك پارت، كەسی ناو دەوڵەت ئەو بوێریەی نەبوو بڵێ كێشەی كورد هەیە و وەك لایەنێك بێتە پێشەوە، كاتێكیش سەرۆكی توركیا توگورت ئۆزال وتی، كێشەیەك هەیە و دەكرێت بەڕێی سیاسیانە چارەسەر بكرێت، ئاكامەكەی هەموو كەسێك بینی چی بوو و چۆن پاكتاو كرا، بەلاٌم لە نەورۆزی ساڵی 2002 كاتێ تەنیا لە شاری ئامەد نیشانەی سەركەوتنی ملیۆنێك كەس بەرزكراوە، دەوڵەتیش دەزانێت كێ لە پشت ئەو دروشم و پەنجەی سەركەوتنەوەیە، خاوەنی ڕاستەقینەی كێیە؟ كاتێ دەڵێن بژی سەرۆك ئاپۆ، جەماوەریش دەزانێت لەخودی ئەو كەساتیەدا كە وەك دەزگا و شێوازێكی بیر كردنەوە و هێڵێكە.

دەوڵەتی توركیا ناڵێت كورد نیە هەموو كەسێك ئەوە دەزانێت، ئیتر ئەو ڕۆشەنبیرە بێ ئاگایانە با بزانن، تورك دەڵێ كورد هەیە، بەلاٌم مافی نیە و ناشبێت هەیبێت، ئەوان كوردێكیان دەوێت هەمیشە غولاٌمیان بێت، بێ ئیرادەبن و سنوری خێزان تێنەپەڕێنن و شەڕیشیان كرد، یان لەسەر مریشكی بەر دەرگاكەیان، یان لەسەر جۆگەلە ئاوێك و یان سەر مەڕێك شەڕ بكەن، كوردێكیان ناوێت بڵێ من وەكو خۆم هەم، من بە ئیرادەی خۆمەوە هەم بە ناسنامە و بوون و دەزگای نەتەوەیی و دیموكراتی خۆمەوە هەم، ئەمە بانگەشەی چوارساڵی كادەك بووە بۆ توركیا، بەلاٌم توركیا ئامادە نیە دان بەو ئیرادەیەدا بنێت. كاكی نوسەر لەیادی كردووە كە چەندین جار كادەك مانەوەی هێزی سەربازی خۆی بە پرۆسەی گۆرانكاری هەڵوێست لەبەرامبەر كێشەی كوردەوە دەبەستێتەوە، هەمیشە بانگەوازی ئەوەی بۆ دەوڵەت كردووە كە گەریلاكانی ئامادەن بەشداری لە كاری سیاسیدا بكەن و لەوە زیاتر ئامادە نین چەك هەڵگرن بەلاٌم من تەنیا داوا لەوانە دەكەم كە عەقلیەتیان هاوشێوەی عەقلیەت و هزر و بیر كردنەوەی دەوڵەتی توركیا كە ڕەوای نابینن بە كورد لە شوێنی ئەوەی خاوەن دەزگا و دامەزراوەی پیشەیی و، مەدەنی، دیموكراتی و كۆمەلایەتی و سیاسی خۆی بێت، هەمیشە بەو شاخانەوە بێت، هیچ هەوڵێكیشی بۆ گۆڕینی ئەو عەقلیەتانە نەبێت، لە چ ساتێكی مێژوویدا بووە كە داوا لە هێزێك بكرێت ڕاوەستە هیچ مەكە تا دێنە سەرت و سەرت دەبڕن.

لەبەرامبەر بەوە توركیا دە ساڵە لە مەڕ كوردی باشوری كوردستان بێ دەنگە چونكە بە بێ دەنگی و خشكەیی كاری تێدا كردووە و دەشزانێت بۆچی كاری تێدا دەكات، توركیا نەخشەی خۆی هەیە و زۆر جاران تاكتیكی خۆی تێدا بەڕێوەبردووە، دروست كردنی بەرەی توركمانی، ناردنی هێزی پی ئیم ئیف - ی بەناو ئاشتی، تەنانەت شەڕی ساڵی 2000 ی یەكێتی نیشتمانی كوردستان لەبەرامبەر پەكەكە هەر دوا بەدوای دەستگیر كردنی بەڕێز ئۆجالان بەشێكن لەو تاكتیكانەی كە توركیا لە خودی باشوری كوردستان دا بەرامبەر هەموو بزاڤی نەتەوەیی كورد بەڕێوەی برد، هەنوكەش هەموو هێزی جیهان یە ڕەنگ و ڕووی جیاوازەوە لە باشورە، بەڕێز كاك هشام دەڵێت كادەك با دەنگی لێوە نەیەت تا لە خودی

باشوردا، توركيا هەموو كورد دەخنكێنێت و بە گوێرەی خۆشی جۆرێك لە كورد دروست دەكات، ئەو كاتە با كادەك دەنگی لێ بەرز بێتەوە. كاتێ كار لەكار ترازا !! بۆ ئەوەی كەسانی وەكو بەرێزیشت پاشان بڵێن كادەك هێزی نەبوو شەڕ بكات، نەیتوانی شەڕ بكات، لەگەڵ توركيا رێككەوتون، یان لەگەڵ ئەمریكا رێكەوتوون و وەك چەندینی دیكەی لە مانێشتی سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە بەناو سەربەخۆكانی باشوری كوردستان.

**تێبینی كوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونە (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەكەینەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێكدا دەنووسرێت..... 15-1-2003